**"پێکەنینی گەدا"** ی حەسەنی قزڵجی

مامۆستای نەمر مەلا حەسەنی قزڵجی نەک هەر خۆی خەڵکی بۆکان بوو، بەڵکوو مێژوویەکی چڕ و پڕی شارەکە، زمانی خەڵکەکە و رووداو و کەسایەتییەکانی بۆکان و دەور و بەری بوو. قزڵجی وەک بەرپرسی یەکەم چاپخانەی بۆکان لە سەردەمی کۆماری کوردستان (١٩٤٦)، چەندین ژمارەی گۆڤاری هەڵاڵە، دیوانی قانع و "سلسلە مەشایەخی نەقشبەندی" هەژاری بە هاوکاری لەگەڵ ئەودا چاپ و بڵاوکردەوە.
توێژینەوە لە مێژووی بیر و زانست لە بۆکان بە بێ ئاوڕدانەوە لە حەسەنی قزڵجی و بە گشتی لە بنەماڵەی قزڵجی نەگونجاو و ناتەواو دەبێت. من لێرەدا باسی کۆمەڵە چیرۆکی "پێکەنینی گەدا"ی مامۆستا دەکەم و ئاوڕدانەوە لە کارەکانی دیکەی و هەروەها وتارەکانی رادیۆی "پەیکی ئێران" و "رۆژنامەی مەردوم" بە زمانی کوردی دادەنێم بۆ مەجالێکی تر، ئەگەر تەمەن ئیجازەی دا ! هیوادارم لاو و گەنجی کورد بەتایبەت خەڵکی موکریان و بۆکان بە جیددی بچنە سۆراغی ئەو بلیمەتە هەڵکەوتوەی شاری بۆکان و بە چاپ کردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئاسەوارەکانی گەنجینەی ئەدەب و مێژووی کوردی دەوڵەمەند بکەن. بەختەوەرانە بەرێز موحسین قزڵجی کتێبێکی لەمەڕ ژیان و ئاسەوارەکانی مامۆستا بڵاو کردۆتەوە کە من چاوم پێی نەکەوتوە، بەڵام ئەویش بەشێکە لە کەلەپووری فەرهەنگی بۆکان و دەبێ ببێتە بابەتی وتارێک لەم زنجیرە وتارانەی من.

پێکەنینی گەدا، کۆمەڵەی هەندێ وردە چیرۆکە(١٤ چیرۆک) کە بە زمانێکی پاراو باسی رووداوی گوند و شار و ناوچەی جۆر بە جۆری رۆژهەڵات و باشوری کوردستان و بەغدا دەکات. بۆکان و گوندەکانی دەور و بەری وەک زەمبیل، نۆبار، قاجر، سەرکەل، کانی تۆمار، کانی پانکە و حاجی کەند، هەروەها مەلا و شێخ و رەعیەتی دانیشتوی شار و گوندەکانی بۆکان شوێن و پاڵەوانی رووداوەکانی ناو چیرۆکەکانن. زوڵم و زۆری ئاغا و ژاندارم لە خەڵکی هەژار و بێ دیفاع ناوەرۆکی سەرەکی بابەتەکان و لە قاودانی هەندێ نەریتی کۆنی وەک دۆعا و نوشتە نووسی و شتی دیکەی هاوچەشن گەوهەری نووسینەکانی پێکەنینی گەدان . کتێبەکە، مامۆستا هێمن سەرەتای بۆ نووسیوە و چاپی دووهەمی کە لەبەر دەستی مندایە، سەرەتایەک و فەرهەنگۆکێکی لەلایەن بەرێز محەممەدی مەلا کەریمەوە بۆ ئامادە کراوە .

حەسنی قزڵجی، "پێکەنینی گەدا، کورتە چیرۆک" چاپی دووهەم، بەغدا(چاپخانەی علاء ) ١٩٨٥، ١٦٠ لاپەڕە